www.kurdistannet.org
05/06/2002 22:07

# وەرگێرانی ئەدەبیاتی مارکسیستی
# کارێکی گرنگ, هەنگاوێکی پێشرەوانە

ئازاد ئارمان

مێژووی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە کوردوستانی عێراق دەگەرێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم. بە تایبەتیش دوای سەرکەوتنی شۆرشی کرێکاری لە رووسیا لە ساڵی ١٩١٧. لەو کاتەوە هەتا وەکو ئێستا یەکێك لە خالە لاوازەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە کوردوستان بە هەموو باڵ و رەوتە جیاوازەکانەوە ئەوەیە شاکارەکانی سۆسیالیزمی زانستی یا خود نووسراوەکانی بیرمەندانی وەکو مارکس, ئەنگلس, لینین, رۆزا لۆکسمبۆرك, ترۆتسکی, گرامیشی. . هتد. وەرنەگێردراوەتە سەر زمانی کوردی و کتێبخانەی کوردی لێی بێ بەشە.

بە بۆچونی من هۆی ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ چەند خالێك یەکەم نەبوونی دەسەلاتێکی سیاسی سەربەخۆ لە کوردوستان. دووهەم کەمتەرخەمیو بێ دەربەستی چەپی کوردوستان بە هەموو رەوتەکانی یەوە. سێ یەم پاشکۆیی چەپی کوردوستان بە چەپی سەراسەری و ناوچەیی و بەکارهێنانی زمانی عەرەبی و فارسی لە جیاتی زمانی کوردی.

ئەمانەو چەندین هۆی تر وای کردووە نەك کرێکارانی کوردوستان لەم شاکارانە بێ بەش بن, بەلکو تەئسیری زۆر خراپیشی داناوە لە سەر خوودی تەواوی کۆمۆنیستەکانی کوردوستانو بەلارێدا چوونیان لە رێبازی شۆرشگێرانەی مارکسیزمی رەسەن (کلاسیك) , من لێرەدا نامەوی درێژە بەم باسە بدەم, چونکە ئەمە پێویستی بە لێکدانەوەیەکی سەربەخۆیەو کە مەبەستی ئەم نووسینەی من نی یە.

ئەوەی ئەمرۆ بە لای منەوە گرنگە هەموو رەوتە سۆسیالیستەکان لە کوردوستان. گرنگی ئەم کارە درك پێ بکەنو هەنگاوی بە کردەوەی بۆ بنێن. ئەوە من چەند بارە جەخت لە سەر ئەم مەسەلەیە دەکەمەوەو دەنگی خۆم دەخەمە پال بانگەوازەکەی هاورێ سەلام و چەندین هەلسووراوی سۆسیالیستی تر بۆ دەست بە کاربوون, بۆ بنیاتنانی ناوەندێك بۆ چاپو وەرگێرانی ئەدەبیاتی مارکسیستی.

بە دڵنیاییشەوە دەلێم دەست بردن بۆ ئەم کارە مومکینەو لە تواناداا هەیە. تەنها کارێك بیکەین ئەوەیە هەنگاوی بە کردەوەی بۆ بنێین.